# ئادابەکانی سەردان
# و
# سنورەکانی
# لە نێو ئافرەتاندا

**وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە**
**دایکی سوننە**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .**

بێ گومان سەردان لە نێوان موسڵمانان بە گشتی و ئافرەتانیش بە تایبەتی چەند ئاداب و سنورێکی تایبەتی هەیە، وە ئەگەر سەردانەکە هەندێك لەم ئادابانەی تێپەڕ کرد و لە سنوور دەرچوو، ئەوا دڵەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، و لە یەکتر دوور دەکەونەوە کە ئەمەیان سەرئەنجامە بۆ ئەوەی پێشوو، جا خوێنەری بەڕێز لەم نووسراوەدا چەند شتێکم کۆکردووەتەوە لەو ئادابانە، کە لە واقع و تەجروبەی خۆمدا تووشیان بووم، ئومێدم لە خوای گەورە ئەوەیە کە سودبەخش بن بۆ خوشکانی هاو ئاینم، وە دووریش بێت لە هەموو زیادڕەوی و کەم ڕەویەك کە لە سنوری ئایینەکەمان دەربچێت ... ئەمانەی خوارەوەش هەندێکن لەو ئادابانە:

**١ / خوشکی بەڕێزم: با مەبەست لە سەردانەکەت تەنها ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت، نەك لە بەر گلەیی یان لە بەر هەر مەبەستێکی تر:** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە:

[إن رجلا زار أخا له في قرية، فأرصد الله تعالى على مدرجته ملكا، فلما أتى عليه الملك قال: أين تريد ؟ قال: أزور أخا لي في هذه القرية، قال: هل له عليك

**من نعمة (تربها)؟ قال: لا، إلا أني أحببته في الله، قال: فإني رسول الله إليك، أن الله عز وجل قد أحبك كما أحببته له]**[1] .

واتە: جارێکیان کەسێك نیازی سەردانی برایەکی دەبێت لە دێیەکدا، و خوای پەروەردگار فریشتەیەك لە سەرەڕێگەکەی دادەنێت و کە فریشتەکە پێی دەگات، پێی دەڵێت: کوێت مەبەستە؟ یان بۆ کوێ دەچیت؟ دەڵێت: سەردانی برایەکم دەکەم لەم دێیەدا، ئەویش پێی ووت: ئایا هیچ چاکەیەکی بە سەرتەوە نییە بیگەڕێنیتەوە؟ ووتی: نەخێر، تەنها لەبەر خوای پەروەردگار خۆشم دەوێت، ئەویش ووتی: ئەوە بزانە من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ، ئەوەشت پێ ڕادەگەیەنم کە خوای پەروەردگار تۆی خۆش دەوێت هەروەکو چۆن تۆ ئەوت لە بەر خوا خۆش ویستووە .

**٢ / هەڵبژاردنی ڕۆژ و کاتی گونجاو بۆ سەردانەکە :** نابێت کاتەکە سەرلە بایانی‌یەکی زوو بێت، یان لە کاتی نێوەڕوودا و پاش نان خوادن، یان لە کاتێکی درەنگ وەختدا بێت لە شەو، چونکە کاتی بەیانی زوو کاتی نووستنە لە لای هەندێك لە ئافرەتاندا، و لە لای هەندێکی تریان کاتی ئیش و کاری ناو ماڵە لە پاککردنەوە، و ئامادەکردنی خواردن، وە کاتی نیوەڕۆش پاش نان خواردن کاتی نوستن و پشوودانی مێردە، لە پاش گەڕانەوەی لە ئیش و کاری ڕۆژانەی، و کاتی درنگ وەختی شەویش هەر کاتی دانیشتن و ماندوو دەرکردن و پشوودانە، و کاتی تایبەتە بە ئەندامانی خێزانەوە .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ . . . ﴾[2] .

واتە: خوای پەروەردگار فەرمان دەکات بە بڕواداران بەوەی کە کەنیزەك و خزمەتکارانیان و ئەو منداڵانەشیان کە هێشتا بالغ نەبوون فێر بکەن بەوەی کە ڕوخسەت و ئیزن وەرگرن لەسێ کاتدا، ئەو کاتانەش کاتی پێش نوێژی بەیانی، و پاش نوێژی نێوەڕۆ و پاش نوێژی شێوان (عیشا) ن کە کاتی پشوودان و نووستنن، وە لەبەر ئەوەی کە لەو کاتانەدا زۆربەی جار خەوتووان جلێکی تایبەت بە خەو جگە لەجلە ئاساییەکان بەکار دێنن .

(١) (السلسلة الصحيحة: ١٠٤٤ ) .

(٢) ( سورة النور: ٥٨ ) .

وە پێشەوا (سـعدي) لە ڕاڤـەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (ففي ثلاثة هذه الأحوال، يكون المماليك والأولاد الصغار كغيرهم، لا يمكنون من الدخول إلا بإذن).

واتــە: ئـەو ئادابانــە لـەم سـێ کـات و بــارەدا، کـــەنیزەك و خزمـــەتکاران و منداڵانیش وەکو کەسانی ترن، ناتوانن بـە بێڕوخسەت وەرگـرتن و ئیـزن وەرگـرتن بێنە ژورەوە .

**٣ / دوورکەوتنـەوە لـە سـەردانی لـەناکاو و بـێ پێـشتر ئاگادارکرنـەوەی دەستەخوشکەکەت بۆ وەرگرتنی مۆڵـەت و پەیمانێکی پێش وەخت بۆ سەردانەکەت:**

خـۆ دورخـستەنەوەش لـەو کـارە بـەوە دەبێت کە پرسیاری دەستە خوشـکەکەت بکـەی کـە حـەزت لێیـە و پێـت خۆشـە سەردانی بکـەی ـ لـە ڕێگـەی تەلەفونـەوە ئەگـەر تـوانرا یـان بـە هـەر ڕێگەیـەکی تـر بێـت ـ جـا ئایـا کاتەکـەی ڕێی دەدات و دەتوانێـت پێـشوازیت لێ بکـات، و هـیچ بەرپرسیاری کارێکی نـیـە، بەرامبـەر بـە ماڵ و منداڵ و مێردەکەی لـەو ڕۆژەدا، وە بەم مۆڵەت وەرگرتنـە خـۆی ئامـادە بـاش دەکـات لــە پێـشوازی لێ کردنـت، بــە پێچەوانەی سەردانی لە ناکاو کە دەبێتـە هـۆی نارەحــەتکردن و ئــازاردان و بــێ زارکردنی دەستە خوشکەکەت، بەتایبـەت ئەگەر دەستە خوشکەکەت، یان ماڵەکـەی لەسەر بارودۆخێکی وەهـا بێت کـە پـێی ناخۆش بێت کەسێك بیبینێت لەسـەر ئـەو شێوەیە .

**٤ / ئەگەر لە ئاگادارکرنەوەیەکی پـێش وەخـت بـۆ وەرگرتنـی مۆڵـەت و پـە یمانێك بـۆ سـەردانەکەت، یـان لـە کـاتی سـەردانەکەتدا پێـت ووتــرا بگەڕێرەوە، ئەوا بگـەڕێرەوە، بـێ ئـەوەی هیچ دڵ گرانیەکت تـووش ببێت،** چـونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾(٣) .

واتــە: ئەگــەر پێتــان ووتــرا بگەڕێنــەوە، ئــەوا بگەڕێنــەوە، ئــەوە چاکترە بۆتان، خوای پـەروەردگاریش بـە ئاگایە لە هەموو کردەوەیەکتان .

**٥ / لەبـەر ئـەوەی ئـە نجام دانـی ئــەم کــارەت بــۆ ڕەزامەنــدی خــوای پــەروەردگارە هــەوڵ بــدە لــە کــاتی دەرچوونەکەت هیچ سەرپێچیەکی نەکـەی لە جل و بەرگ و پۆشـاکی شـەرعیت،** بـۆ نموونـە بـا دەرچـوونەکەت بـە پۆشـاکی شـەرعی و باڵاپۆشـەوە بێـت، یـان بـۆن خۆش کـراو نـەبێت، یـان لەگـەڵ کەسـانی

---

(٣) ( سورة النور: ٢٨ ) .

نامەحرەمدا نەبێت، ئەمە ئەگەر کەسێکت لــە گــەڵ دا بــوو ... خــوای پــەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾[٤]،

واتــە: لــەکاتی دەرچــونتاندا خۆتــان ڕووت نەکەنــەوە، هــەروەك چــۆن ئافرەتــان لــە ســــەردەمی نەفامیــــدا خۆیــــان ڕووت دەکردەوە .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أيما امرأة استعطرت، فمرت على قــوم، ليجدوا من ريحها، فهي زانية)[٥] .

واتە: هەر ئافرەتێك خــۆی بۆنخــۆش کرد، و پاشان لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە، و بــەلای کۆمەڵێکــدا تێپــەڕ بــوو بــۆ ئــەوەی بۆنی بچێت بە سەریاندا، ئەوە وەکو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی کرد بێت .

**٦ / کە گەیشتیتە بەر دەرگایان، سێ جار لە دەرگــا بــدە، و لــە لای ڕاســتی دەرگاکەوە یان لــە لای چــە پی دەرگاکــەوە ڕاوەستە :** جا ئەگەر دەرگات بۆ نەکرایەوە بــڕۆ و دوبــارەی مەکــەوە، ئــەوەش لەبــەر ئــەو فەرموودەیــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ کە تێدا فەرموویەتی:

(الاستئذان ثلاث، فــإن أذن لـــك، وإلا فارجع)[٦] .

واتە: ڕوخسەت وەرگرتن و لێدانی دەرگا سێ جارە، ئەگەر ڕێگەت پێدرا ئــەوا بــڕۆ ژوورەوە، ئەگەر نە ئەوا بگەڕێرەوە .

وە بەڵگەی ئــەوەش کــە لــە کــاتی لێــدانی دەرگــادا و لــە کــاتی چــاوەڕوان کردنــی هاتنــە دەرەوەی خــاوەن مــاڵ لــە لای ڕاستی دەرگاکەوە، یان لە لای چەپی دەرگاکەوە بووەستی، ئەو فەرموودەیــەی پێغەمبـــەری خوایـــە ﷺ کـــە تێیـــدا فەرموویەتی:

(لا تأتوا البيوت من أبوابها، ولكن ائتوها من جوانبها، و ... )[٧] .

واتە: کە داتــان لــە دەرگــا ڕوو لــە دەرگاکە مەوەســتن، بــەڵکو لــە لاکانیــەوە بووەستن .

**٧ / ســەیر نــەکردن لــە کــونی دەگاوە یان لە سەرەوەی ـ لە کاتێکدا کە وەڵام نەبێت ـ:** لەبــەر ئــەم فەرموودەیــەی پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ کـــە تێیـــدا فەرموویەتی:

( إنما جعل الإستأذان من أجل البصر)[٨].

(٤) ( سورة الأحزاب: ٣٣ ) .

(٥) حسنه العلامة الألباني في: ( صحيح ســنن النــسائي: ٥١٢٦ )،و ( صحيح وضــعيف الجــامع: ٢٧٠١ )، و (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٠١٩ ) .

(٦) (متفق عليه ) .

(٧) (حسنه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٣١) .

(٨) (متفق عليه ) .

واتە: ڕوخسەت وەرگرتن و لێدانی دەرگا بۆ ئەوە دانراوە کە چاو بپارێزرێت لە بینینی شتی قەدەغەکراو .

**٨ / لە کاتی لە دەرگا دانت، ئەگەر خاوەن ماڵ پێی ووتی کێیە ئەوا ناوی خۆت بڵێ، نەك بڵێت منم، منم !!!!**

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتێکدا کە جابر رضي الله عنه لە دەرگای دا و پێی فەرموو کێی ؟ ئەویش ووتی: منم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (أنا، أنا)، واتە: منم، منم، جابر رضي الله عنه دەڵێت: وەکو ئەوەی بڵێت پێی باش نەبوو کە من ووتم: منم منم[٩] .

**٩ / با سەلامی بە یەك گەیشتنتان سەلامی موسڵمانان و ئەهلی بەهەشت بێت کە بریتی یە لە:**

(السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)، لەبەر ئەم فەرموودانەی خوارەوە:

١- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (السلام قبل السؤال، فمن بدأكم بالسؤال قبل السلام فلا تجيبوه)[١٠].

واتە: سەلام کردن پێش پرسیارکردنە، جا ئەگەر کەسێك پرسیاری لێ کردن پێش سەلام کردن، ئەوا وەڵامی مەدەنەوە.

٢- وە فەرموویەتی: (**إذا لقي أحدكم أخاه فليسلم عليه**، ... )[١١] .

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە براکەی گەیشت با سەلامی لێ بکات.

٣- وە لەبەر گەورەیی پاداشتی سەلام کردن، هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: کە جارێکیان پیاوێك بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕ دەبێت، کە لە مەجلیس و کۆڕێکدا دانیشتبوو، و دەڵێت: (**السلام عليكم**)، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (دە چاکەی بۆ نووسرا)، پیاوێکی تر تێ دەپەڕێت دەڵێ: (**السلام عليكم ورحمة الله** ) ئەویش فەرمووی: (بیست چاکەی بۆ نووسرا)، جارێکی تر پیاوێکی تر بە لایدا تێ دەپەڕێت و دەڵێ: (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)، ئەم جارەیان فەرمووی: (سی چاکەی بۆ نووسرا ) ... هتد فەرموودەکە .[١٢].

**١٠ / تەوقەکردن لە کاتی بەیەك گەیشتن و دوورکەوتنەوە لە یەکتر ماچکردن، ئەوەش لەبەر ئەم دوو فەرموودەیەی خوارەوە:**

(٩) (متفق عليه) .

(١٠) (حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة: ٨١٦).

(١١) ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة: ١٨٦) .

(١٢) (صححه العلامة الألباني في صحيح الأدب المفرد: ٩٨٦) .

**یەکەم:** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ما من مسلمین یلتقیان فیتصافحان إلا غفر لهما قبل أن یتفرقا)[١٣] .

واتە: هیچ دوو موسڵمانێك نییە کە بە یەك بگەن و تەوقە لەگەڵ یەکدا بکەن لە کاتی بەیەك گەیشتنیان، ئیللا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانیان خۆش دەبێت پێش جیا بوونەوەیان .

**دووەم:** ئەو فەرموودەیەی کە (**أنس**) بۆمانی دەگێڕێتەوە کە پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەگەر بەیەك گەیشتین فەرموویەتی:

(الرجل منا یلقى أخاه أو صدیقه أینحني له؟ قال: لا، قال: أفیلتزمه ویقبله؟ قال: لا، قال: أفیأخذ بیده و یصافحه؟ قال: نعم)[١٤] .

واتە: یەکێك لە ئێمە بگات بە براکەی یان برادەرەکەی ئایا سەری بۆ دا بنەوێنێت؟ فەرمووی: نەخێر، ووتی: ئەی باوەشی پێدا بکات و ماچی بکات؟ فەرمووی: نەخێر، ووتی: ئەی دەستی لە گەڵدا بدات؟ فەرمووی: بەڵێ .

**١١ / هەوڵ بدە سەردانەکەت درێژە خایەن نەبێت:** چونکە ئەگەر کاتەکە زۆر بخایەنێت دەستە خوشکەکەت هەست دەکات کە قورسیەکت خستووەتە سەری، و گوێ نادەی بەو بەرپرسیاریە زۆرەی کە لە سەریەتی، وەکو خێزانێك بەرامبەر بە مێردەکەی، و دایکێکیش بەرامبەر بە منداڵەکانی، و لێپرسیاوێتی ماڵداریێتی کردنی بەرامبەر بە ماڵەکەی، وە بەو کارەشت خۆشەویستی بۆت نامێنێ یان بەرامبەرت کەم دەبێتەوە .

**١٢ / ئەگەر کاتی سەردانەکە درێژەی خایاند دەبێت کاتێکی لێ بەکار بهێنیت بۆ سوود لێ وەرگرتن:** ئەوەش بەوەی کە پاداشت و چاکەی تێدا بێت بۆ خۆت و دەستە خوشکەکەت، وە ئەوەش بە خوێندنەوەی یەکێك لە کتێبە ئایینیەکان یان گوێبیستی کاسێتێکی بە سوود بن، بۆ ئەوەی دەستە خوشکەکەت هەست بە دڵخۆشی بکات، چونکە سەردانەکەت سود گەیاندنێکی زۆری هەبووە، و کاتەکەشی بە فیرۆ نەڕۆیشتووە، لە کارێکی بی سوود وەکو زۆر قسەکردن و لاقرتێکردن و لچ هەڵقورچان و غەیبەت و هێنان و بردنی ووتەی ئەم و ئەو .

---

(١٣) (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٤٣٤٣ ) .

(١٤) (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي: ٢١٩٥ ) .

**١٣ / خۆپاریزی لە گوفتار و کرداری بێ سوود لە کات و ساتی سەردانەکەتدا:** ئەوەش بەوەی کە شتێك دەربڕیت بۆ دەستە خوشکەکەت کە بێ کەڵك بێت لە گوفتار و کردارتدا، بە زۆر لێپرسین لە شتێلێك کە تایبەتن بە خۆیەوە، یان تایبەتمەندی مێردەکەیەتی، وە جاری وا هەیە، شتێکی ئاساییە بەڵام حەزی لێ نییەو پێی خۆش نییە دەریبخات و ئاشکرای بکات بۆ تۆ یان جگە لە تۆش .

هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه)[١٥].

واتە: لە تێر و تەسەلی و تەواوی موسڵمانێتی مرۆڤ ئەوەیە واز بێنێت لەو شتانەی کە پەیوەندی بەوەوە نییە .

**١٤ / دەربڕین و دەرخستنی ڕازی بوون و پێخۆشحاڵی، و ڕوو خۆشی لە هەموو ئەوەی کە پێش کەش دەکرێت،** و بۆت دەهێنرێت، لە خواردن و خواردنەوە، وە بە زۆریشی بزانە با هەرچەندە کەمیش بێت، و ئامۆژگاری بکە بەوەی کە زیادەڕەوی و ئیسراف نەکات لەو شتانەدا، و زۆریش لە خۆی نەکات و ناڕەحەتیش نەخاتە سەر خۆی لە خواردن و خواردنەوە .

**١٥ / قسە نەکردن و عەیب دەرنەکردن لەو خواردنەی کە بۆت ئامادە دەکرێت، و پێشکەشت دەکرێت،** جا ئیتر هەر جۆرە خواردنێك بێت، چونکە:

(ما عاب رسول الله ﷺ طعاما قط إن اشتهاه أكله وإلا تركه)[١٦].

واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ عەیبی دەرنەدەکرد لە خواردن ئەگەر حەزی لێ ببوایە دەیخوارد، ئەگەر نا وازی لێ دەهێنا .

**١٦ / دوورکەوتنەوە لە زۆری گاڵتە کردن:** وە ئەگەر لە سنور و ڕادەی خۆی دەرچوو ئەوا ئەبێتە ڕق و قین و سوکی و بێ نرخی بۆ خاوەنەکەی، وە دڵەکانیش پڕ دەکات لە ڕق و قین، ئەگەر گاڵتە کردنەکە زۆر مەترسی دار بوو بۆ سەر ڕێز و شکۆمەندی و هەستیاری خودی ئەو کەسە .

**١٧ / چاکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە منداڵەکانت تێکیان داوە و شکاندوویانە، لە هەموو شتێکی بە سوود و جل و بەرگ و ناوماڵەی دەستە خوشکەکەت، لە ماوەی سەردانەکەتدا:**

---

(١٥) ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع: ٥٩١١).

(١٦) (صححه العلامة الألباني في: صحيح الكلم الطيب: ١٨٥).

ئەگەر توانیت و لە تواناتدا هەبوو لەو کاتەدا چاکی بکەرەوە، و پاکی بکەرەوە لەگەڵ لادان و لابردنی ئەو شتانەی کە منداڵەکانت کردوویانە لە بێ یاسایی یان ئەو پیس و پۆخڵی و گەندەڵییەی کە کردوویانە لە ماڵەکەیدا، تاوەکو دەستە خوشکەکەت هەست نەکات کە تۆ میوانێکی ناڕەحەت، و قورسی لەسەری بە خۆت و منداڵەکانیشتەوە .

**١٨ / سوپاسکردنی دەستە خوشکەکەت لە کۆتایی سەردانەکەتدا :**

وە پاڕانەوە بۆی بە ووتنی: خوای گەورە پاداشتی چاکەت بداتەوە، لەسەر پێشوازی کردنی بۆت، و جوان و چاک میواندارێتی کردنی بۆت، وە داوای گەردن ئازایی و لێخۆش بوونی لێ بکە ئەگەر ئازاردانێك لە خۆتەوە یان لە منداڵەکانتەوە ڕووی دابێت، بەرامبەر بە خۆی یان منداڵەکانی، چونکە ئەو کارەت ئەوەی کە لە دڵەکاندا دروست دەبێت لە لێڵی و ڕق کینە و دژایەتی دەڕەوێنێتەوە، و نایهێڵێت ئەگەر هەبوو .

**١٩ / دووبارە نەکردنەوەی سەردانەکانت لە کاتێلێکی نزیك لە یەکتر:** بۆ ئەوەی بێزاری و بێ تاقەتی دروست نەبێت بە هۆی زۆری ئەو سەردانانە، کە نزیك لە یەك ڕوو دەدەن، پێشینەش ووتوویانە:

(زُرْ غِبًّا، تَزْدَدْ حُبًّا ).

واتە: سەردانی کەم وخۆشەویستی زیاتر.

**٢٠ / لە کاتی ڕۆیشتنەوەت سەلام بکە، هەروەکو چۆن لە سەرەتادا سەلامت کردووە،** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إذا انتهى أحدكم إلى المجلس فليسلم، فإذا أراد أن يقوم فليسلم، فليست الأولى بأحق من الآخرة)(١٧).

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕۆیشتە ناو کۆڕ و مەجلیسێکەوە با سەلام بکات، وە ئەگەر ویستی هەستێت و بڕوات با سەلام بکات، چونکە یەکەمیان پێشتر و ئەولاتر نییە لە دووەمیان .

لە کۆتاییدا داواکارم کە ئەم ئادابانە دوور بن لە هەموو زیادەڕەوی و کەم ڕەوییەکەوە، و نزیکیش بن لە ڕەوایی و ڕاستی و دادپەروەری .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

===================

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

(١٧) (صححه العلامة الألباني في الصحيحة: ١٨٣) .